كەركوك هەر كەركوكە!!!!! دكتۆر: عادیل ئەنوەر كەركوكی

كەركوك یەكێكە لە شارە كۆنەكان و گرینگەكانی كوردستان، گەلی كورد لە دێر زەمانەوە لەم شارەدا ژیاون و لەساڵی 1879دا كەركوك سەنتەری ولایەتی شارەزوور بوو كە لە لیوای (سنجق) كەركوك و هەولێر و سلێمانی پێكهاتبوو پێكەوە لەگەڵ ناوچەكانی تری كوردستانی باشووری ویلایەتی موسڵیان تاكو كۆتایی شەڕی یەكەمی جیهانی پێك دەهێنا.

كەركوك وەك هەموو شارەكانی كوردستان و هیچ كەس ناتوانێت ئینكاری ئەوە بكات و ئەم شارە لە كوردستان جیا بكاتەوە. هەر وەك سەركردەی نەمری كورد ژنرال بارزانی فەرمویەتي، كەركوك نەتەنیا شارێكی كوردستانیە بەڵكو دڵی كوردستانیشە، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیێنی كە چۆن مرۆڤ ناتوانێت بی دڵ بژیێت، ئاواش كورد و كوردستان و كەركوك لە یەكتر جیاناكرێنەوە.

لێرەدا بۆ ئەوەی بیسەلمێنین كە كەركوك شارێكی كوردستانیە، پێویستەهەندێك ڕوونكردنەوە بخینەڕوو، پێشەكی لە ڕووی مێژووییەوەو هەروەك لە ئینسكلۆپیدیای ئیسلامی دەربارەی ناوچەی كەركوك هاتووە و دەڵي: دەسەڵاتی ڕاستەقینەی ئەم ناوچەیە لە سەرۆكە كوردەكان بووە. هەروەها زاناو گەریدەی ناوداری توركیش كە خاوەنی فەرهەنگی ئەعلامی توركیە، بە ناوی شەمسەدیی سامی لە بارەی ئەم شارە دەڵێت: كەركوك یەكێكە لەشارەكانی كوردستانی سەر بە ویلایەتی موسڵ و سی بەشی دانیشتوانەكی كوردن و ئەوانی تر لە تورك و عەرەب و جولەكە و كلدان پێكهاتوە. وتەی ئەم زانایەی تورك وڵامێكە بۆ دەسەڵاتدارنی تورك و بەرەی توركمانی كە دەڵێن زۆرینەی كەركوك لە توركمان پێكهاتوە، جا بە نەوەكانی عوسمانی و بەرەی توركمانی چاوێك بە فەرهەنگی ئەعلامی توركی (شەمسەدین سامی بخشێنن بۆ وڵامی پرسیاری خۆیان.

هەروەها بێجگە لە ناوبراو نوسەری ناوداری عەرەبێش هێلال ناجی لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەو ناوچانەی لە كەركوك نەوتیان لی دەردەهێندرێت هەموویان ناوچەی كوردن و تا ساڵی 1963 جگە لە گوندی كوردان هیچ كەسی دیكەی لی نەبووە. ئەم وڵامەش بۆ ئەو عەرەبە پاشكەوتووانەو شۆڤینیانەیە كە تاكو ئێستاش گومانیان یان باوڕیان بە كوردستانی بوونی كەركوك نیەو كەركوكیش بە ناوچەیەكی عەرەبی و یان عێراقی دەزانن.

حەتا ئەوانەی كە لە ناو پەرلەمانی تازەی عێراقیش كە تا ئێستا زۆربەیان چ شیعە و چ سونی هەر لەسەر ئەو بیرو باوەڕەن، هەرچەندە عەرەب عەرەبە جا چ سونی یا چ شیعە بێت.

لە ڕوو ژمارەشەوە كەركوك هەردەم زۆرینەی كورد بووە هەرچەندە سیاسەتی شۆڤینی عەرەب و حكومەتەكانی یەك لە دوای یەكی عێراق دەستیان بە تەعریبی ئەم شارە كردووە. لیژنەی كۆمەڵانی گەلان لە ڕاپۆرتەكەی خۆیدا كە لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق (1920) وە ئامادەی كردووە ڕێژەی دانیشتوانی كەركوكی بەمجۆرە باسكردووە:

1- كورد 63٪ 2- توركمان 19٪ 3- عەرەب 18٪

هەروەها بە پێی سەرژمێری ساڵی 1947 كە لە عێراق كرا ئەوا ڕێژەی 53٪ كەركوك كورد بووە ئەمە لە كاتێكدا كە سیاسەتی تەعریب كردن پیادە كرابوو.

هەروەكو وتمان كە ڕژێمە كۆنەپەرستەكانی یەك لە دوای یەكی عێراق خەركی پیادە كردنی سیاسەتی بەعەرەب كردنی ناوچە كوردییەكانی باشووری كوردستان بوونەو ئەم كارەش لە چەند قۆناغێكدا ئەنجام دراوە. لە سەرەتای ساڵانی 1819-1914 قۆناغی یەكەمی تەعریب كردنی كورستان لە لایان مەدحەت پاشای والی بەغدا، ئەم قۆناغە بەر لە دروست بوونی دەوڵەتی عێراق بوو، والی ئەو كاتەی بەغدا ویستی هەندی لە عەشیرەتەكانی عەرەب لە ناوچە كوردنشینەكان نیشتەجی بكات، وەك عەشیرەتی عوێید كە لە ناوچەكانی حەوێجە لە نێوان زێی بچوك و ئاوەسپیدا، هەندی لە خێڵەكانی عەشیرەتی تەی و جبوریش لە

ناوچەکانی قەزاج لە باشووری مەخور، لە نێوان هەردوو زێی گەورە و بچوکدا، هەروەها چەندین عەشیرەتی کۆچەری تری عەرەب لە دەشتەکانی دەوروبەری موسڵدا نیشتەجی بوون.

قۆناغی دووەم لە 1925–1958: ئەم قۆناغە سەرەتایی دروست بوونی دەوڵەتی عێراقە، سەردەمی پاشایەتي، لەوکاتەوە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا دەوڵەتی عێراق دامەزرا و لەساڵی 1925یشدا بەشێك لە کوردستان کەوتە بندەستي. هەربۆیەش لە ناوەڕاستی سییەکانەوە (30) هەندێکی دیکە لە عەشیرەتەکانی عەرب وەکو حەمدانی و کلیبات لە ناوچەی حەوێجە نیشتەجی کران.

قۆناغە سێیەم 1958–1963: هەرچەندە لەم قۆناغەدا ڕژێمی کۆماری عەبدولکەریم قاسم دانی بە مافەکانی کورد ناو وڵاتی عێراقی بە پێکهاتە لە دوو نەتەوەی کورد و عەرەب دانا، بەڵام سیاسەتی تەعریب هەر بەردەوام بوو. لەم قۆناغەدا ئەو ناوچانەی کە دەکەوێنە نێوان زمار، شنگار و سنووری عێراق– سوریە، خێل و عەشیرەتی عەرەبی بۆ هێنرا.

قۆناغی چوارەم 1963–1970: مەترسیترین قۆناغ ئەم قۆناغە بوو، کە هەر لەو کاتەی کە بەعس دەسەڵاتی گرتە دەست، بەعس دەستی کرد بە عەرەب کردنی ناوچەکانی کەرکوك، لە قەزای دوبز، زیاتر لە 50 گوند کاولکران یان تەغریب کران. پاش ئەوەی کە ڕژێم دانی بە مافەکانی گەلی کورد نا لە ڕێکەوتی 1970/3/11، بەڵام وازی لە سیاسەتی تەعریب نەهێنا بە تایبەتی لە ناوچەکانی کەرکوك و خانەقین.

قۆناغی پێنجەم 1972–1986: ڕژێمی بەعس هەر لە سەرەتایی 1972وە دیسان دەستی بە سیاسەتە چەپەڵەکەی خۆی کردەوە. ئەمجارەیان دەستی بە عەرەب کردنی ناو شاری کەرکوك و بە دەیان دەرەبەگی عەرەبی لە ناوچەکانی باکووری عێراقەوە بۆ نا و شار و دەورووبەری کەرکوك هێنا و زەوییەکی یەکجار زۆری پێفرۆشتن و کوردەکانی بۆ ناوچە دەشتاوێکانی باکووری عێراق ڕەوانە کرد. لە ساڵی 1973 دا بە یەکجار 118 کرێکاری کوردی لە کۆپانیای نەوتی کەرکوك دەرکرا و لە جیاتی ئەوان کرێکاری عەرەبی کە بە سیاسەتی عەرەب کردن هاتبوونە کەرکوك دانران. هەرلەهەمان ساڵدا ڕژێم دەستی بە عەرەب کردنی ناو شاری شنگار و دەوروبەری کرد، ئەم سیاسەتە تا کۆتایی هاتنی ڕژێم لە ئەپریلی ساڵی 2003 کە کۆتایی بە دەسەڵاتی هات و هاوپەیمانان عێراقیان ئازاد کرد هەر بەردەوام بوو.

لە ڕوی ئیداریشەوە هەروەك مێژوناسان باس دەکەن و دەڵێن کە ئەم شارە لە ژێر دەسەڵاتی کورد بووە،مێژووناسەکان بە گشتی و دائیرەی ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامی سنووری کەرکوك بەم جۆرە دەستنیشان دەکەن،،

ڕوباری زێی بچوك لە باکووری ڕۆژئاواوە، چیای حەمرین لە باشووری ڕۆژئاواوە، ڕوباری دیالە لە باشووری ڕۆژهەڵات و چیای زاگرۆس لە باکووری ڕۆژهەڵات،،.

هەروا بە پێی ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامي: کەرکوك لە سەدەی هەژدەدا پایتەختی ویلایەتی شارەزور بووە. هەروەها لە سەرتایی دروست بوونی دەوڵەتی عێراق لیوای کەرکوك لەم یەکە کارگێرانە پێکهاتبوو:

1– قەزای سەنتەری کەرکوك کە لەم ناحیانە پێکهاتووە: لەیلان (قەرەحەسەن) ، پردي، حەویجە و شوان (ڕێدار) .

2– قەزای کفری لەم ناحیانە پێکهاتبوو: سەنتەری قەزای کفري، قەرە تەپە،شێروان و بیباز.

3– قەزای دوزخورماتوو لەم ناحیانە پێکهاتبوو: سەنتەری دوزخورماتوو، قادر کەرەم و داقوق.

4– قەزای چەمچەماڵ لەم ناحیانە پێکهاتبوو: ناحیەی سەنتەر، ئاغجەلەر و سەنگاو.

هەموو ئەم قەزا و ناحیانە کوردن، بەڵام پاش کودتا شومەکەی بەعسی فاشی دەست کرا بە گۆڕینی دیمۆگرافی ئەم ناوچانە، وەك گۆڕینی سنووری یەکە ئیدارییەکانی چەمچەماڵ و کفری خستەسەر پارێزگای سلێمانی و دوزخورماتووی خستەسەر تکریت و پردێشی تا ماوەیەك خستەسەر هەولێر.

هەروەکو وتمان کە کورد هەرە زۆرینە بوونە لە کەرکوك و عەرەب هەر نەبوونە یان ئەگەر هەبوونەش ئەوا بە دەگمە، بە پێی ئەو هەڵبژاردنەی ئەندامانی ئەنجومەنی نەتەوە (مجلس الامە) کە لە ساڵی 1935 کەرکوك شەش نوێنەری هەبووە کە چواریان (4) بۆ کورد و یەکێکیان بۆ عەرەب و ئەوی دیکەشیان بۆ تورکمان، ئەوانیش (دارابەگی داودي، داود جاف، عەلی رەزا عەسکەری و فایق تاڵەباني) بوو.

هەر لەبارەی کوردستانی بوونی کەرکوك ڕۆژنامەی (میدڵ ئیست ڕیپۆت) کە لە ئازاری 2003 لە ژێر ناونیشانی (لە وڵاتی خۆیان ئاوارەن. ماکی زانگەر نووسەری ئەم بابەتە دەنوسێت: کەرکوکی دڵی نەتەوایەتی کوردە و بارزانی لە پێناو کەرکوکدا شەری دەستپێکردەوە. ، و سەبارەت بە ڕێژەی کوردی شاری کەرکوك، ئەوا کوردەکان بە درێژایی مێژووی هەزاران ساڵ زۆرینەی تەوایان پێك هێناوە. بەڵام دوای ئەوەی کە ڕژێمی عێراقی بۆی دەرکەوت کە 70٪ ی داهاتی گشتی عێراق لە ڕێی نەوتی کەرکوکەوەیە، بۆیە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کوردیان سەرکوت کرد و هەوڵی سڕینەوە مۆری کوردیانەی ئەو شارەیان داوە، ئەم سیاسەتە لە دژی پاکتاوی نەژادی مافی مرۆڤە. ماکی زانگەر لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیدا دەنووسێت: بەم دواییانە دەسەڵاتدارانی عێراقی (واتە ڕژێمی بەعی سەدام) بڕیاری ژمارە 119یان دەرکردووە و هەرکەسێك کە غەیری عەرەبە و تەمەنی لەسەروی 18 ساڵەوە بێت دەتوانێت نەتەوەی خۆی بۆ عەرەب بگۆڕێت. لەم ڕووەوە لۆرد ئەڤیتبێری سەرۆکی گرووپی مافەکانی مرۆڤی بەریتانیا و کیڤن برێل پێیان وایە ئەو بڕیارە ڕەشکردنەوەی ئەو بڕیار و یاسایەی ساڵی 1970یە، کە عێراق بە وڵاتی کورد و عەرەب دەزانێت. ماکی زانگەر هەروەها لە ڕاپۆرتەکەی ئاماژە بەوە دەکات کە، بە هۆی پێداگیری بارزانی ڕێبەری کوردەکان لەسەر کەرکوك و ئامادەنەبوونی بۆ دەست هەڵگرتن لە کەرکوك، بەردەوام بوونی گفتوگۆکان شکەستیان هێنا.

هەر دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە لایان هاوپەیمانانەوە لە نیسانی 2003دا و پاش ئەوەی کە مجلس الحکم دامەزرا و بە هەوڵ و کۆششێکی زۆر مادەی 58 ی یاسای عێراق سەبارەت بە کەرکوککە دەڵێت: ئەو عەرەبانەی کە بە سیاسەتی تەعریب هێنراونەتە کەرکوك دەبی بگەڕێنەوە بۆ جێگای خۆیان و کوردە ئاوارەکانیش بگەڕێنەوە جێی باو باپیرانیان بۆ کەرکوك، دوای ئاسایی بوونەوەی وەزعەکە ڕیفەرندوم بکرێت کە ئایا دانیشتووانی کەرکوك دەیانەوێت بگرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا؟ بەڵام بەداخەوە کە تاکو نووسینی ئەم وتارەش هیچ کارێکی جدی نەکراوە تەنیا ئەوە نەبێت کە لە کاتی سەرەك وەزیرانی دوای سەدام، ئەیاد عەلاوی بەڕێز حەمید مەجید موسایان دەست نیشان کرد کە لێژنەیەك سەبارەت بە کەرکوك پێك بهێنێت، بەڵام تاکو ئێستاش ئەم لیژنەیە پێنەهاتووە و هیچ ئیکانیاتیش بۆ ئەم لیژنەیە دابین نەکراوە، و پێم وایە کە شیعە نایانەوێت هیچ هەنگاوێك بۆ چارەسەرکردنی کەرکوك و ناوچە تەعریب کراوەکان بهاوێژن، بۆ یە هاوپەیمانی کوردستانی دەبی هەوڵ و کۆششی زیاتر بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

زۆر کەس ویستویانە کە ناوی دیکە بۆ کەرکوك بدۆزنەوە و، ڕژێمی بەعس بە التئمیم، مام جەلال بە قودسی کوردستانی ناو دەبات،و غازی الیاوەر یەکەم سەرەك کۆماری دوای ڕژێمی عەفلەقی کەرکوك بە عێراقی بچوك کە ئەمە بە هێچ شێوەیەك قەبوڵ ناکرێت، چونکە عێراقی بچوك یانی سڕینەوەی کوردستانی بوونی کەرکوك، هەروەها مام جەلال دیسان دەڵێت کەرکوك برۆکسیلە، کە بەم وتەیەی دڵی تورکەکانی خۆش کرد. بەڵام جواترین ناو بۆ کەرکوك هەر کەرکوك. بارزانی بۆیە وەسفی بە دڵی کوردستان کردوە چونکە نەمرۆڤ بێدڵ دەژیت و نە کوردیش بی کەرکوك. بۆیە دەڵێم کەرکوك نە قودسە و نە عێراقی بچوك و نە التئمیم، بەڵکە تەنیا کەرکوکە.

جەعفەری سەرەك وەزیرانی عێراقیش هەروەك سەدام حوێنی فاشی دەیەوێت بە ناوی ئیسلامەوە سیاسەتی شۆڤینانەی دژ بە گەلی کوردستان و بە تایبەتی ناوچە بە عەرەبکراوەکانی وەك کەرکوك شالاەکانی تر پیادە بکات. ناوبراو وا دەزانێت دونیا نەگۆڕاوە، بەڵام با کەسانی وەك ئەو و تورکە شۆڤینەکانیش بزانن کە دونیای ئەمڕۆ نە ساڵانی سەدەی پێشووە، ئێستا کورد خاوەنی سەرۆك

هەرێمێکی هێژا و پەرلەمانێکی بە ئەزمون و حکومەتی یەکگرتووە، هەوەها سەرۆك کۆماریش هەر کوردە و سیاسەتی دەرەوە و ناوەوە و لە دەستی کورددایە، وە کورد دەتوانی هاوسەنگی لە عێراقدا بگۆڕێت.

جا هەروەك د. الرویعی لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێت کە کەرکوك شارێکی کوردستانییە بە هەمو ئەو بەڵگەنامانەوە، جا ئەگەر ئێمە بمانەوێت لەگەڵ کوردا بژین دەبی ئەو ڕاستیە قەبوڵ بکەین، ئەگەر نا عێراق پارچە پارچە دەبێت.

دکتۆر: عادیل ئەنوەر کەرکوکي

سوئد، ستۆکهۆم

**2005/07/8**